

# ورشەی درامیێ، تا سەر لێوی کەتیبە
## (چەند دێڕێك لە (وای وت)ی زەردەشت-ی نیچە)

موزەفەر یووسفی

سێ هەنگاو
بەرەو  سێ کاروان
بەشوێن دەمپای  عەدەما
تا نێو دڵی ئەشکەوت
سپییەتی تیرێژێ لە کەوان کڕنووشا
هەناری  گاتاییێک شەق  دەباو
سوارێک پڕ لە نوور
بەیرەقی  درامێک لە دارمێو
بۆ فەتحی  قەڵای  ڕاز
تا سەر لێو کەتیبە   هان ئەدات.

سەرەتای  کەلامێک بەوشە دەپشکوێت:
«ئەی  بووکی  حەیات!
سرووشی  نەشات !

مەزنتر لەوەی  لەپی بەردو  چاوی  گەڵا  خووسێنی.

«هۆ چاوگەی بزە!
لە یادمە
دەمانێک سایەد و چاودێری ئەشکەوتم  بووی
لە یادمە
بێ ئێمە؛
بێهوودەییت  سواری  هەور  دەکرد
بێ  ئێمە؛
قاڵیچەی  سلێمانت لەسەر  بەحرو
کراسی یوسفت
لەبەر «با»دا   دەکرد
لە یادمە
بسکی هەورینت ئەبەستە کەمەرەی سووری سەفەرمەوە
لە یادمە
خۆم و هەڵۆو مار
چەندە چاوەڕوانی  بزەی  کازیوە بووین
ئاشنام
سوور
بە کەوکەبەی کاکێشانت
ئاگادارم
قورس
بە هەیبەت و  هەیمەنەی  خەرمانەت
قومری  نیگام
لە چاوگەی فێنکا دەسنوێژ  ئەگرێ
بەجارێ

ئاو،
مەسحی  سەر دەکاو

تیشکی حەو ڕەنگ،
سروەی سەحەر،
دەبەخشێتە دەشتی هزرەوە.

لە زەردەی دەمکەلا
کاتێ خاک ،
لە نەزمی نەغمەی نوور دەکەوێ
نامۆیی ،
تان و پۆی قامەتم لێڵ دەکاو
دێوەزمەی تاریکیی ، پەنجەرەی دەماخم دادەگرێ .

« لە بوولێڵا ،
کە شەبەق شەق دەبات
نیگامان
ئاوێزان قەندیلی بزەتەو
هانامان
بە تەعمید لە سەرابی پەژارەو کەسەردا خووساوە

خولیامان دوو نیوە،
نیوێکی لە نوێژ و
ئەو نیوی نیلووپەڕ
مەخموورین بە نەشئەی سەنایەک
ئەی بەرزە بەڵەکی ڕووناهیی ،
ئەی سەرداری هەست و
ژەنراڵی وزە و جوانیی .

« لە کوێی !
بەدەس هەرەسی شکۆوە بە تەنگم
چوون هەنگی سەرمەست
شانی شیلەم پێ قورسە
نیە دەستێ، پەنجەی بێگەردی پەپوولەییم پێشکەش کات ؟
« ئەخوازم ، داگرێ لاشانێ لە شەرای ئەوین و

لاسامەی بارانێ بەهاریین ،
تا کێڵگەی هەژاران پاراوبێ و پاشکۆی پاییزی ئەم سەدەش ئاوژیین
جارێ تر پڵتۆکێ لە تەپڵی گاشە و
فوویەتر بەگوێی هێرۆدا .
« بێ پەیژە،
بەئەشکەوتی دەروون‌دا ڕۆ ئەچم ؛
ئەی ئەختەری پەنگریین !
وەک تۆ لەئێوارەدا
لەتاوەر دەنیشیو و
ڕووناکی ئەبەخشی بەدنیای ژێرەوە.

« بەزمانی گوڵ ئەدوێم [ پەیڤی نێوان پەڵک و باخ ]
ئەو پەڵکەی
سێبەری ساباتمە
من دەبێ وەکوو تۆ بەنێودڵ جەنگەڵدا ڕۆبمەوە .

« کەوایە، بەری دەستم سەمەن و
سووچی چاوم تەڕ کە
لەچاوگەی حەسانەوا
هەتا بەحری بێ پەی نەستم
لەلرفەو شەپۆل کەوێت .

« شواوم بەشەربەت زەمزەما و
تواوم بەتیرێژ نەشاتی زێڕینا !

پێ دەچێ
ئەم دەفرە دووبارە بۆشایی پێویست بێ
زەردەشتیش ،
سێ هەنگاو بەرەو زێد بوەوە
تا دڵی ئەشکەوتێک قانگ بدات ، لەعوود و داری هووم.